www.kurdistannet.org
02/07/2003 15:24

# رۆژنامەكانی كوردستان دەرگایان لەسەر نووسینەكانم داخست. . !!!

دڵزار حەسەن

كارەساتێكی گەورەیە بۆ (نیشتیمانێك) دەیەها رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەی جۆراوجۆر دەربكات لەبەرامبەر ئەوەشدا ببێتە مینبەرێك بۆ چەپاندن و سانسۆركردنی دەنگ و رەنگی نوسەران و رۆژنامە نووسانی دی، لە حاڵێكدا تاكە مەنفەزو وێستگەیەك بۆ دەربڕینی بۆچوون و گەیاندنی دیدگای ئەو رۆشنبیرانە بە كۆمەڵگاو كەسانی بەرامبەر بێگومان ئەو رۆژنامەو بڵاوكراوانەن كەهەندێك بەناوی ئەهلی و ئازادەوە دەردەچن هەندێكی تریشیان سەر بە حزبن یان ئۆرگالیزە كراون لەلایەن دەسەڵاتەوە.

دیارە لەو وڵاتەدا زۆر زۆرن ئەو دەنگ و رەنگانەی بەر رەحمەتی چەپاندنی دەسەڵات و حزب كەوتوون دەمێك بەناوی (پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی) و دەمێك بەناوی (تابووری پێنجەم) و یان بەناوی (هەیبەتی حزبەوە) . . . هتد قەلەمەكانیان سانسۆر دەكرێ، منێك وەك یەك لە هەزاری ئەو دەنگانە بەردەوام تەشویهی نووسین و ناوم كراوە، هەفتەنامەی (هاوڵاتی) بەحساب خاوەنی گوتارێكی ئەخلاقیانەو مرۆڤ دۆستانە بوو چەندین جار بە شێوەی جۆراوجۆر كۆمەڵە دەنگێكیان ئیبراز دەكردوو هەندێكیشیان نەك هەر بابەتیان بۆ بڵاو نەدەكردەوە بەڵكو ژێر بە ژێر ناوو ناتۆری ناشیرینیان بۆ هەڵدەبەستا، كاتێكیش لە شێوەی بەیاننامەیەك بابەتێكی دوروو درێژم لەسەر فەسادی و تەكەتولاتی (ئابووری) و (ئەخلاقی) و (سیاسیەكانی) ناو هاوڵاتی نووسی و ناردم بۆیان تا بڵاوی بكەنەوە بەس بڵاویان نەكردەوە، پاشان دام بەو رۆژنامە ئەهلی و حزبی و ئازادانەی تری كوردستان ئەمانیش بڵاویان نەكردەوە.

بەم دواییەش لەسەر گفتووگۆیەكەی كاك (ئاسۆس هەردی) و كاك (ئازاد جوندیانی) نوویسنێكم نووسیو ناردم بۆ (كوردستانی نوێ) ئەمیش بڵاوی‌نەكردەوە پاشان دام بە هەفتەنامەیەكی ئازاد لە (هەولێر) ئەمیش لەبەر بەركەوتنی پروشكی ئەو ئاگرە خۆی لەقەرەی شەڕەكەنەدا.

بۆیە لێرەدا دەڵێم (نیشتیمانێك) خاوەنی دەیەها رۆژنامەو بڵاوكراوە بێ و دوو سەندیكای رۆژنامە نووسانیشی هەبێت وتارێك كە تەنها تەعبیر لە بۆچوونی خۆم دەكاو دەربڕینێكە لەمەڕ (باسكردن) و (هەڵوەشاندنەوە) ی ئەزموونی هەفتەنامەی (هاوڵاتی) و (یۆتۆپیای دەسەڵاتی كوردیەوە) كە لە هەردوو بار دا بەئاگاییەوە لەناویدا ژیاوم بۆم بڵاو نەكەنەوە دەبێ لەوە ناخۆشتر چیبێ لەوها (وڵاتێك) دا بژی و ئازادی بڵاو كردنەوەشت لێزەوت بكرێ.

(گاندی) گەورە پەیامبەری مرۆڤدۆستی هیند چاك لە جەوهەری ئازادی گەیشتبوو بۆیە دەیگوت ئەگەر هەموو دونیا لەسەر مەسئلەیەك كۆكبن لەناویشیاندا تەنها كەسێك ئەم كارەی بەدڵنەبێ لەوحاڵەتەدا دەبێ دەنگ و بۆچوونی ئەوتاكە بەهەند هەڵبگیرێو ببێ بەدەنگی دووەم لەبەرامبەر گشت دەنگەكانی‌تر كە هەموو جیهانە، بەڵێ ئەوەیە تێگەیشتن لە ئازادی و وێنە جوانەكانی دیموكراسیەت.

بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم روونی بكەمەوە كەلەو ساتەوە خۆم بە بەرپرسیار نازانم لە بەرامبەر ئەونووسینانەی بەناوی منەوە لە رۆژنامەكانی كوردستان بڵاو دەكرێنەوە تا ئەوكاتەی بەشێوەیەكی راستەقینانەو ئازادانە رۆژنامەی ئەهلی و ئازاد دەردەچن و رۆژنامە حزبی و ئۆرگانیەكانیش دەبن بە سەكۆیەكی كراوە بۆ هەموو دەنگێك. . .

هەولێر

٢٠٠٣/٦/٣٠

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.